ساتیرچیرک: هەمەتی هەبژاردن.. هەرش رسوە

ناەزایەتیی هاونیشتمانان، بە تایبەت مامستا و فەرمانبەران بەردەوامیی هەبو. لە هەندە شوێن و بەردەم بارەگای سەرکیی حکومەت و نوێنەرانی گەل خەمیان هەدا، کورسیی پلاستیکیان تەدا دانا، یان حەسیر و لەتە فەرش و کەمباریان تەدا راخست، بە رەژ و شەو تێیدا دەمانەوە. مانتاربەی گەورە و مایکیان هەنابو، وتاری حەماسییان لەوە پێشکەشدەکرد و هوتافی ئاگرینیان دەگوتەوە.

بەو قرچەقرچی گەرمای هاوینە، کە دەتگوت خەرکە باوشی بە زەویدا کردوە، چوبوە ناو قات و چاکەت و هەڵگەکی رەشەوە و بەینباخکەشی توند بەستبو، کورد گوتەنی "خەی جەهەندبو!"، ئیتر لەگەڵ تیمەکێیدا، کوچە و کەڵان و ماڵ بە ماڵی گەڕەکانی شار دەگەڕا. لە شەقامە سەرەکییەکانەوە بە شەقامە لاوەکییەکان، لە گەڕەکە گەورەکانەوە بە گەڕەکە گچکەکان، هیچی نەدەپەراند.

هەر لە سەری کەهانەکەوە کە دەچوەسەر شەقامەکی گشتیی، لوتی بە خەمێکی گەورە تەقی، کە ژمارێیەکی زەر خەڵک لە بەردەمیدا وەستابون و هیتریش لە ناوەوەی بون.

"ئەمە خەمێکی خەپشاندەرانە، کوێنە بە بەپەلە نەچینە ناویانەوە، دەرفەتە." ئەمەی گوت و چاوەڕێی وەڵامی تیمەکەی نەکرد بەرەو ناو خەمەکە بە هوتافی "بەوخە دز، بەوخە دز" ملینا، کامەرامانەکەشی بە دوایدا رایکرد تاکو ئەو چرکەساتە تایبەتانەی جەنابی کاندید تەماربکات و یەکسەر لە پەیجەکەی لە (فەیسبوک) پەستیان بکا و بنوسێت: "نهـا.. پەرلەمانتاری ئایندە لەناو خەپشاندەران و لەگەڵ خەمی گشتییدا."

بەڵام یەکسەر چەند کەسێک لێیان نزیک بونەوە و یەکێکیان بە دەنگی بەرز پێیگوت: "فەتە فەت، ئەرە پرسیە، دزی چی و روخانی چی؟"

ئەو کە لە ژیانیدا دیان هەوەستی روگیر و ئابووبەرانی بەسەردا هاتبو یان دیبو، ئەو تەریقکردنەوەیەی ناو خەمەی پرسەکە هیچ شەمەزاریان نەکرد. بە پەلە فاتیحایەکی خوێند و بە دەنگی بەرز

سەرخۆشیی لە کەسوکاری مردوەکە کرد و خواحافیزی کرد. تەنانەت لە دەرەوەی خەمەکە بە چاو ئاماژەی بە تیمە هاوکارەکەی کرد کەوا کارتەکانی بانگشە لەرەش دابەش بکەن.

چەند کەسانێک لەولاترەوە، لە دەستی راست لە دەرگای یەکەم ماڵیاندا نەیانکردەوە، ئینجا یەکسەر بەرەو دەرگای دووەم ماڵ چون. دەرگایەکی سپە تاکی گەورە. کەمێک قەرەباغ دیاربو. چەند پیاوێک لەبەر دەرگاکە وەستابون.
"کوێنە ئەمیان پرسیە، با خەمانی پێداکەین و لەرەش فاتیحەیەک بخوێنین."
تا ژوری میوانی ماڵەکە نەوەستان. فەرمو فەرمو کردیانن ژوورەوە. جەنابی کاندید بە بەوابەخبونەکی زۆرەوە هەر بە پێوە دەستەکانی راگرت و بە دەنگی بەرز گوتی: "ئێلفاتیحە."
ئەو پیاوانەی لە ژوورەوە بون بە سەرسامییەوە لەگەڵ کاندید و تیمەکەیدا فاتیحایەکیان خوێند. "ئینشاڵڵا خوا عەفوی کردوە و تەمەنی درێژی بە ئەوە جەهەشتوە..." خەریک بو زیاتر لەسەری بڕوا، خاوەن ماڵەکە پێی بڵێ: "کاکە وڵا ئەمە پرسە نیە و خەریکم ژن بە کوڵەکەم دەگوازمەوە!"

کانونی دوەمی ۲۰۲۰

ساتیرەچیرەک: ناونیشانێک بە کتێبی بیرەوەرییەکانم!.. هەرش رەسوڵ

نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوین بو، هاوڕێکەمان خوڕقی نانی نیوەڕۆی کردین بە ماڵەوە، ئەمەش داواکەیمان قبوڵکرد و بە خۆشحاڵییەوە چوین. دایکی هاوڕێکەمان بە گفتولفتێکی کوردانەوە بەخێرهێناین. کەمە سەرزەنشتی کوڕەکەیشی کرد، کە بە پێشتر ئاگاداری نەکردەتەوە، تا خواردنێکی باشترمان بۆ ئامادەبکا. ئەمەش پێکەوە سوپاسمان کرد. گوتمان: هەرچی هەیە بۆزیادبێت، ئەمە میوان نین. سفرە راخرا و

وردە وردە قاپ و کەوچک و دەلکە و پەرداخ دانران، ئینجا چەند نانکی تیریی تازەشنراو بە چواردەوری سفرەکەدا بڵاوکرانەوە. پاشان لەگەڵ برنجی پڵاو و چەند قاپە شلەی فاسۆلیا. تەروپە نانمان خوارد و بەدواشیدا چایمان خواردەوە. بە دەم ئەویشەوە جارجار قسە و گفتوگۆ سەبارەت بە هەندە بابەتی رۆژانە دەکرا. دوای ئەمانە، هاوڕێکەی ترمان، خەڵکی قەڵەم و پەڵاوکێی لە جانتاکەی دەرهێنا، دەستی بە شتنوسین کرد. هاوڕێی خاوەنماڵ بە سەرسوڕمانەوە لێی پرسی: "کاکە ئەوە چی دەنوسی؟!" ئەویش وەڵامیدایەوە: "وەڵا چەند ساڵێ کردومەتە نەریت، ژیانی رۆژانەم یاداشت دەکەم." ـ "واتا چۆن؟ هەموشتێ دەنوسیتەوە؟ چیتکردوە؟ چیت خواردوە؟ بە کوێ چوی؟ چەند ماویەوە؟"

- "بەڵێ، هەمویان بە کورتیی دەنوسمەوە، ئیدی بە ئایندە کارەستێکی باشی بیرەوەرییناماین."

ـ "ئەی دە باشە برا، ئەوەی نیوەڕۆ خواردمان گۆشتیشی بە زیادبکە، خە هەر نوکەقەڵەمکە، چی تێناچێ!"

*

لە سێراین بوین. نزیکی ئێوارە شتەکانمان کەکردەوە، تاکو وردە وردە بڕەو ماڵەوە بگەڕێنەوە. کەمێ بە ئۆتۆمبێل ڕێیشتین، دواتر جەنابی پاڵەوان وتی: برادەران من حەزدەکەم دابەزم و کەمێ بە پێ ڕێبکەم، هەم کەشوهەوا خۆش و هەم وەرزشیشە، یەکێ لە برادەرەکانیش وتی منیش لەگەڵت دادەبەزم. ئیدی هەر ئەوەندە خۆش بوو، چل هەنگاوێ لە ئۆتۆمبێلەکە دورنەکەوتبونەوە، چوار سەگی زلی هەوشاری چونە سەر ڕێیان. هەدی هەدی لێیان نزیک دەبونەوە. دەیانویست پێلاماریان بدەن. ئەوانیش ترسان و بە پەلە و ڕاکردن خۆیان خستەوە نێو ئۆتۆمبێلەوە.

پاڵەوانی ڕۆژ ڕەشکان بە هەناسەبڕکێوە: کاکە ئەوانە سەگی هەوشارین، سوعبەت نازانن، خە شێی دەستوێخۆیان لەگەڵ ناکەین؟

دوای ئەوەی لە سەگەکان دەربازیان بوو، کەمێ وچانیاندا، برادەرەکەی وتی: بەڵام گەورەم من ئەم ڕوداوە لە پەڕاوی بیرەوەرییەکانم ئاوا نانوسمەوە.

پێیان وت: ئەی چۆن؟

ـ دەنوسم ڕۆژێ سەگێکی هەوشار پێکەوە بە جەنابی پاڵەوان هاتن، بە مەبەستی ئەوەی پێلاماری بدەن و لەتوپەتی بکەن،

بەرام جەنابت ئازایانە لێیان هاتیە دەست و بەدویان کەوتی و لە پێچەشاخێک وەگیرت هێنان و گەمارۆت دان، دواتر دوت لێکوشتن و ئەوانی دیکەشت هەڕەشە خوارد. ئیتر پوختەی داستانەکە ئەمە بو.

*

وەک خووی هەمیشەیی خۆی، زو زو کەمتر قاتلەبار و بێنباغلەمل و ئەفەندیی کەدەکاتەوە، گوایە "نوسەر و رۆژنامەنوس و رەشنبیر"ن و بیرکە و تێگەبیری ژیرانەی دەدەنە، تاکو لە بیار و کار و کاردانەوەکانیدا سودی لێوەربگرن. بانگهێشتی ئەمجارە جیاواز بو. لە باخە تایبەتەکەی جەنابی جەنگاوەری دەرین بو. باخ یان وا دروستترە بڵێین ڤێلاکەی لەو گوندە جوانە بو، کە تا ئێستا خەڵکەکەی نەیانتوانیوە ئاوەدانی بکەنەوە، بەڵام ئەو باخەکی گەورەی لە دروستکردوە و لەناویشیدا تەلارێکی گەورەی پێ ژوری سەرسوهێن و مەلەوانگە و شوێنی یاریی و گیانلەبەر و باڵندەی جۆراوجۆر، مەگەر هەر لە خەوندا بینرێت.

ئەدیب و نوسەر و رۆژنامەنوسانی دەربار لەسەر دەعوەت بە دەم بادانی پاروی چەور و پارچەکردنی رانەقەل و پشتەمێغزەوە، وەک ئاهەنگی ناونانی منداڵ

پێشنیاری ناونیشان بە کتێبەکە، دەکەونە پێشبڕکێ. یەکێک دەڵێ ناوی بنێ: "یادەوەریی ئەو جەنگاوەرەی کە نەیزانی ماندوبون چییە؟"، یەکێکی تر یەکسەر بەدوایدا، "پاڵەوانی رۆژە شومەکان" پێشنیاردەکات، ئەویتر هەڕەداتە: نا کاکە "قارەمانێک بە وێنەی بوور" پێ بەپێستی ئەو بەسەرهاتە دەگمەنانەیە. ئیتر بەمجۆرە، ناونیشانی جیاواز خرانەو، کە هەر یەکەیان گوزارشت بو لە قارەمانێتیی بابای خاوەن خوان و بانگهێشت: "ئەو ساتانەی دڵمان لێنەو مشتماندا بو"، "یادنامەی ئەو پیاوەی ئازایەتیی لەدڵدا"، "نوسینەوەی رۆژە رەشکان لەسەر کاغەزە سپیەکان"، "یادەوەریی جەنگاوەرێکی ئازا"، … تاد.

———

ئایاری ٢٠٢٢ ـ شوباتی ٢٠٢٣

ساتیرچیرۆک: ئەزمە و بەدیل.. هۆرش ڕەسوڵ

حەماسەت گرتبوی. دەماری ملی لەرادەبەدەر بەرزببوەوە. چاوەکانی بز کردبوونەوە. پەنجەی دڕشاومژەی دەستی راستی ڕادەوەشاند و بە دەنگێکی قرخن هاواری دەکرد:

- ئاخر پێم ناڵێن ئەوە لە چیتان کەمە؟ بیرتان چووە ئێمە ئەم گوندەمان لە چییەوە کرد بە چی؟ بەخوا وەرانەیەک بو بێ خێ. جادەمان بێ ڕاکێشا. مەکتەب و خەستەخانەمان بێ دروستکردن. منداڵی داماوی ئێمە بە کۆرەوەریی زۆر دەچن لە مەکتەبەکانی شار دەخوێنن، هی ئەوەش لە پاڵ ماڵەکانی خۆتانەوە.
خۆتان هەر دەرد و نەخۆشییەکتان هەبێت، لە بنکەی تەندروستیی گوند عیلاج دەکرێن، بێ ئەمەش ئێمە دەبێ بێ کێکە و هەڵامەتێکی بەسیت بە ناچاری بچینە شار و لە موستەشفا دەوڵییەکان کێڵ فەحص و فحوصات بە تەشتێ دۆلار و یارێ بکەین. بیرم نایە عەمودی کارەبامان بێ داناون، چەند ساڵێکیشە وایەرمان بێ لێ بەستون و کارەباتان هەیە.
بێ مەسەلەی ئاو-یش، کانیی گوندمان بێ پاراستون، نەمانهێشتوە ئەو میراتە گەورەیەی باووباپیرانمان لەوە پیس و لێتر بێت، بێ ئەمەش ئێمە خۆمان دڵمان نایە لەو ئاوە بخێینەوە، تاکو کەم نەکات، قیروسیامان لە نەفسی خۆمان کردوە، ئاوی موقەتتەری کەس نازانێ چۆنی دەبە و پەرداخ لە شارانەوە دێنین.
ئا بیرم کەوتەوە، باسی تیجارەت و هاوردەمان کرد، دەزانن ئەم گوندە شیرینەمان کردێتەوە مەرکەزکی گەورەی تیجاری. ئیتر بازاڕی ڕەش نەماوە، ئێمە بازاڕی ئازادمان بێ کردنەوە، چیتان دەوێ هەمانە، لە پەنیر و کەرەی ئێرانییەوە بێ ماستی تورکی و یۆنانی و هەنگوینی کلێرەدارەکانی سعودییە، لە میوەجاتی وڵاتانی عەرەبییەوە بێ سەوزە و تەماتە و خەیاری ئێران، بێ خەوزی چینی، جلوبەرگی ڕەسەنی گوندی خۆمان بە دەست و پەنجەی وردیلانەی خوشک و برا چینییەکانمان، ئەمەش

تەنها بۆ ئەوەی خۆتان و ماڵ و منداڵتان لە دەست بۆنی قشپل و ریخ و تەپاڵە نەجاتتان بێ و چیتر لەو گەرما و سەرماتاقەتپۆکێنەی گونددا شوان و گاوانی و جوتیاری و کار و کاسبی نەکەن.
هەمو گوند، بە ژن و منداڵ، گەورە و بچوک، تەنانەت پیر و پەککەوتەوە ئاگادارکرابونەوە کە لە ئانی وتارە نایابەکەدا لە گۆڕەپانی گوند ئامادەبن.
پیاوانی کۆخا، بە هەموانیان راگەیاندبو، ئەورۆژە مەکتەب و خەستەخانە و دائیرە و دەوائیر و هیچ کار و کاسبییەک نیە، "ئەگەر مردوشن، بە جەنازەکەوە لەوێ، لەبەر قرچەی گەرما، بە پێوە دەوەستن و تەنها بۆتان هەیە چەپڵە لێبدەن و هوتافی (بژی، بژی) و رەزامەندی بۆ جەنابی کۆخا بکێشن". "کەسمان ناوێ دەموچاوی بدابەیەکدا، یان لەبەر خۆیەوە ورتەورت بکات، یاخود چرپە چرپ لەگەڵ تەنیشتەکەی قسەبکات".
کۆخا تا چەپڵەی بۆ لێدەدرا، زیاتر کەیفی بە خۆی دەهات و دەنگی لێهەڵدەبڕی. جار جار تەماشایەکی ئەملاولای خۆی دەکرد و هەستیدەکرد لەگەڵ هەر چەپڵەیەکدا بست بست باڵا دەکات.
وتارە مژویيە دورودرێژەکەی کۆخا لەبەر سێبەری ستەیجی نێودەوڵەتیی گوندی (ئاشی نەزان) بو، کە شارەزایان بە کەپر و دار و درەخت دروستیانکردبو.
یەکێک لە پیاوە هەرە متمانەپێکراوەکانی موکەببەرەکەی بۆ کۆخا گرتبو، ئەویش بە قاتە شاڵە شینکییە زۆر تازەکەیەوە، کە ئەوەندە نەدەبو لە کۆخای گوندەکەی ئەولاوە بە دیاری بۆی هاتبو، وەستابو، بە فیزێکەوە دەستی چەپی خستبوە بەر پشتێنە گوێگوڵەکەی، و دەستی راستیشی کردبوە هاوکاری دەم و زمانی، تاکو بە رەوانترین شێواز بیروڕاکانی (دامەزراوەی کۆخایەتیی گوندی ئاشی نەزان) بە هاوگوندانی بگەیەنێ و تازەترین ئەحداث و مەوقیفەکان دەربارەی رەوشی ئەمڕۆی گوند و ناوچەکەیان بۆ لێکبداتەوە.
لەوەدەچو راوێژکارەکانی، کۆخایان لە میدیاکانی گوند پێکردبێ و بە "تابوری پێنجەم" هەژماریانکردبن. بە تایبەت باسی هەریەک لە: ڕۆژنامەی (چاوی گوند)، گۆڤاری (ئاشەوان)، رادیۆی (نەزان ئێف ئێم)، تەلەڤزیۆنی (نەزان سات)، سایتی (نەزان ویکیلیکس) و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی: (شەوچەرە)، (کانیی ژنان) و (حەوزەکەی بەر مزگەوت)یان بۆ کردبو، گوایە دژی خێت و دامەزراوە و بۆیارەکانت هەوا و زانیاری و وتاری ناڕاست و پڕ لە ناوزڕاندن بۆاودەکەنەوە.

دوای دو ئحم، وەک نیشایەک بۆ مسەیتەری، و بۆ ئەوەی کەمێک تۆەییەکەشی بشارێتەوە، کۆخا دەستیکردەوە بە وتەکانی:
بیستومە لەملاولا و لە ئیعلامی تەقلیدی و کۆمەڵایەتییەوە ڕەسم و ڤیدیۆی قژ دادەبەزێنن و باسی نەبونی مووچە و ئاو و کارەبا و بەنزین و نەوت و غاز و ئەوشتانە دەکەن. ئاخر تو ویژدانتان من بۆ ئەوە حوشتییەتم بۆ فەراهەمکردون؟ لەمانەش ناخۆشتر ماوەیەکە سەری زمان و بنی زمانتان بووتە باسی (ویلایەتی کۆخایەتی)، گوایە موددەم بەسەرچوە و یەکێک دەخەنە شوێنم.
پاش ئەوەی کۆخا کەمێک وەستا و بە چاو ئاماژەی بۆ کوپەکەی سەر مەنەصەکە کرد، یەکێک لە نۆکەرەکانی کوپەکەی بردە لای زاری و کۆخاش شلەمەنییەکەی خواردەوە، کە دیارنەبو ئاو بو یان عەرەق! لێوکاتشدا، لە دڵی خۆیدا و بۆ بۆی دڵی بجوێنێت، دەیگوت: "من ئەوەم لە پشتە ئەوە، تا ئەوە بمنن، تا دەنگی ئەوە هەبێ، تا بێدەنگیی ئەوە بەردەوام بێ، تا چەپڵەی نەزانانەی ئەوە ببیستم، تا چەمانەوەی بەردەوامی ئەوە ببینم، من هەر کۆخایەکەی جارانم، دڵنیابن".
ئینجا دەستی بە سمێڵە ڕەشکراوەکەیدا هێنا و درێژەیدایەوە:
- ئاخر بیرتان چەوە، جاران چۆن بون و ئێستا چۆنن؟ جاران چییتان هەبو و ئێستا خاوەنی چیین؟ ئاای چ قەومێکی زاکیرە زەعیفن!

من هەمو قیتاعەکانی گوندم پشخست، کەرتی کشتوکاڵ، بازرگانی، پیشەسازی... تەناتەت نەمهشت لە دەرهێنانی سامانی ژێر زەویش ئەوە ئەزێت بکەشن، خۆم لەگەڵ کەمپانیای شاری پشکەوتو ڕێککەوتوم، ڕێککەوتنی ماوەدرێژ، خۆیان بۆمان دەردەکەن و بۆشمان بەجێدەکەن و بۆشمان دەفرۆشن، ئیتر کێشەتان چییە؟
من هەموتانم حەساندەوە، لە کێڵ و جوتکردن و شەنە و دەغڵ و دان و توتن و گوڵەبەڕۆژە و مەرەزە و فەلاحەتی و ڕەنجکێشانم کردنەوە. زۆربەتانمان کرد بە پۆلیس و ئاسایش و حەرەس قەریە و گوندپارێز. هەندێکتانم کردە خانەنشین بۆ ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆ یەک دەقیقە ئەم گوندەتان پاراستبێت. بەشکیشتان بندیوار و بەرسبەر و موفتەخەر.
دوای ئەوەش، ئاراستەی وتارەکەی بە لای لاواندا گێڕی:
- گەنجان، لاوان پێم ناێن بۆ کوێ دەچن؟ سەری خۆتان بۆ کام گوند و شار و مەملەکەت هەڵدەگرن.

ئینجا بە دڵی پڕ و چاوی بە گریانەوە، بە نەغمەیەکی

ناخۆشەوە دەڵێت: ئاخر چۆن دڵتان دێ ئەم گوندە جوان و قەشەنگە جێبهێڵن.
یەکێک لە حیمایە تایبەتەکانی بە پارچەیەک کلێنس فرمێسکەکانی کۆخا دەسڕێت. کۆخا بەردەوامدەبێت:

- قەسەم بە گیانبەختکردوانی ڕۆگای ڕزگاریی گوندەکەمان.. سوێند بە خاک و ئاو و دار و درەختی ئەم بەهەشتە، هیچ گوند و شارەدێ و شار و مەملەکەتێک بە قەد ئەرە خۆش نیە، بۆواتان هەبێت. من هەمویم دیوە، هەموی گەڕاوم، کاتێ بە دوای دەزی ڕەوای ئاوەی چەوساوەوە بوم، کاتێ پێ بە پێ بە دوای مافی ئاوە لە هەمو دەرگاکانم دەدا، زۆر مەکانی عەجیب و غەریبم بینین، بەڵام هیچیان ناگەن بە تۆز و خۆڵی ئەم جەننەتە.

کۆخا بە حەماسەتەوە دەیگوت: گەنجی هیچ شوێنێک بارتەقای گەنجی ئەم دێیە خۆشبەخت و ئاسودە نیە. ئەوەتا منداڵ و جحێڵە نەگبەتەکانی خۆزانەکانی ئەمە، کە بە ناچاری و لە ترسی دوژمنی بەدکار ئاوارەی ئەو شار و سەتەنەتانە بون، ئێستا لە خراپترین دۆخی ڕاحی و دەروونی و جەستەیی و تەندروستییدان، بەردەوام فرمێسک بێ مەوتنی باب و باپیرانیان دەڕژن. قەناعەتتان هەبێت، کاتێ لەگەڵ گەل فرێند و بێ فرێندەکانیشیان دەچنە مەسبەح و دیسکۆ و پۆپ و نایتکلەپەکانیش هەر بیریان لەرەیە و تۆزقاڵێک چێژ وەرناگرن.

- لاوانی عەزیزی (ئاشی نەزان)!

ئاوە نەوەی نوێی ئەم گوندەن، ئایندە بێ ئاوەی خونگەرمە، ئیتر چۆن دڵتان دێت ئەم باوەشە گەرمە جێبهێڵن، ڕێی هات و نەهات بێ دەگرنەبەر؟ دنیام دوایی پەنجەی پەشیمانی دەگەزن، بەڵام دادتان نادات. بیریشتان نەچێت مادام خۆتان بیارتان داوە و خۆتان ئەم ڕۆگەیە هەڵدەبژێرن، ئەمە تەحەممولی هیچ مەسئولیەتێک ناکەین.

کۆخا هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و بە تووەییەکی زۆرەوە دەستی بە فەرمایشتەکانی کردەوە:

- ئێستا لە هەمولایەکەوە خەتەری گەورە لەسەر گوندەکەمان هەیە، هەڕەشەی کوشت و بڕمان لەسەرە. چیتر لە ناحیەوە بودجە و موچەمان بێ نایەت، کەچی ئاوەی ناشکور تازە تەحەممولتان نیە. چەند ڕۆژێکی کەمە ئەزمەی بودجە و موچە و نەوت و بەنزین و غاز و ئاو و کارەبا و ...تاد پەیدا بوە بەرگەناگردن. ئای چ میللەتێکی سەیرن.

لە پێ ژاوەژاوێک لە پشت گوندەوە بیسترا، وردە وردە لە

شۆنی خوتبە مژوییە دورودژەکەی کۆخا نزیکدەکەوتەوە. سەرەتا کۆخا سورهەگەڵا و زۆر شەژا، وەستان و پچڕان کەوتە نێو قسەکانی، بەڵام کاتێ یەکێک لە پاسەوانە تایبەتەکانی لەسەر درەختێکی بەرامبەرییەوە بە دەست و پەنجە ئاماژەی (ئۆکەی) بۆ کرد، ئاهێکی بەبەردا هاتەوە و لە ژێر لێوەوە بزەیەکی کرد.
مەجموعەیەک بە جلی ئاووهاوە، بە چەند گودرژێکەوە، کە پێدەچوو لە گوندەکەی ئەوبەرەوە تەشریفیان هێنابێت، خێیان بە ئاپێڵاکەدا کرد و کەوتنە هاوارکردن: "کۆخا بەدیلی نیە، کۆخا نمونەی نیە.. ئەگەر نەمێنێ کۆخا، کێ جێگامان بۆ راخا؟.. کێ پێی خۆشە با وس بێ، هیتر بمرێ لە داخا".
کۆخاش وا خێی پیشاندا گوایە گرنگی بە هوتافی ئەو گروپە نادات. دەستیکردەوە بە وتارەکەی:
- هاوگوندانی بە شەرەفم.. جەماوەری خۆشەویست و شیرینی گوندی (ئاشی نەزان)!

هەمو ئەو شتانەی ئێوە ناوتان ناون کێشە و ئەزمە و قەیران بەدیلیان هەیە. موچە دوادەکەوێت، صەبر و تەحەممولتان هەبێت، مەصرەف کەم بکەنەوە، ئەوەندە مەچنە گەشت و گەڕان و سەیران و صەفا، هەمو هەفتەیەک گۆشت و پێاو مەخۆن، هەمو جەژنێک جل و پێاوی تازە مەکڕن، واز لە کڕینی ڤێللا و خانو و شوققەی سیتی و گوندەکانی ئەمانی و ئینگلیزی و ئیتاڵی و فرەنسی و خەون و خەیاڵ و باخ و شاخ و چیا بهێنن، خانوە قوڕەکانتان بیرچێتەوە؟ چیتر منداڵەکانتان مەنێرنە مەدرەسە گرانبەهاکا سیستم ئەوروپی و ئەمەریکییەکان، ئەی (سوید)یش ئەوروپا نیە؟ (سیستمی ئاشی نەزان) عەیبی چییە؟
کارەبا نیە، بەدیل هەیە، دەچینەوە سەر چراخەشکەکانی سەردەمی باب و باپیرانی نەمرمان. ئاو نیە، بەدیل هەیە، زۆر بە کەمی ئاو دەخێنەوە، جەژناوجەژن خۆمان دەشۆین،دەست بە ئاوەوە دەگرین. نەوت و غاز نیە، بەدیل هەیە، تەپاڵە بۆ چێشتلێنان بەکاردێنین. بەنزین نیە، سەیارەکانمان دەسوتێنین، بە سواری گودرژ هاتوچۆ دەکەین، یان هەر بە پێ، بۆ صیحەتیشمان باشە.
بۆیە چەندبارەی دەکەمەوە: هەمو ئەو شتانەی ئێوە ناوتان ناون کێشە و قەیران بەدیلیان هەیە، بەڵام باش باش بیزانن و وەکو ئەقڵە بیکەنە گوڕچکە گرانەکانتانەوە: تەنها من بە دیلم نیە، من!

28/09/2015 رانیە

کورد ئەنفالی هەیە، بەڵام...!... د. هەرش رەسوڵ

ئەمەوە لەم دەرفەتە بچوکەدا سەرتان بە لەدانەوەی قوانە سواوەکان دەربارەی پرسەی بەجینەسایدکردنی کورد بێشنەم، ناشمەوێت لە ساڵیادی ئەم تاوانە گەورەیەدا کار لەسەر ژەی هەست و سەزتان بکەم، بەکو گرەکمە لەرەدا تەنها چەند راستیەکی تاڵ بخەمەوە.

پاش تێپەبونی ٣٤ ساڵ بەسەر پرسەی کەمەکوژیی ئەنفال و پاکتاوی نەژادیی کورد، لەو مەژوەش، دوای ٣١ ساڵ لە ئازادیی و حوکمەانیی کوردیی، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا نەمانتوانیوە لە ئاست گەورەیی کارەساتەکەدا بین.. چونکە:

١- وەك پێویست و لەسەر ئاستی جیهان ئەنفال بە جینەساید نەناسنراوە! (دیارە ناساندن بریتییە لە بە رەسمیی ئاگادارکردنەوە، دانپیانان، لە ئێستەگرتنی بەرپرسیارێتیی، ڕەگرتن لە دوبارەبونەوە)، لەمەوشەوە لەپرسراوێتیی یەکەم دەکەوێتەسەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢- گوتاری سیاسیی کوردیی روبەڕوی دەرەوەی خەی ئەوەندەی گریان و کروزانەوە بوە لە پێناو بزێیپێداهاتنەوە و ڕاکشانی هەست و سەز بە قەد ئەوە کاری جددیی و شەلگیرانە نەبوە لەپێناو دروستکردنی تێگەیشتنەکی لەژیکیی لە بەرژەوەندیی تاوانەکەدا.

٣- تاکو ئێستا حکومەتی هەرێم و حزبەکانی کوردستان، نەك جاش و مستەشارانی تەمەتبار بە هاوکاریی بەعس لە پرسەی ئەنفال-یان نەداونەتە دادگا، بەکو هەندەکیشیان داەداون!

٤- ئەو ناوچانەی هەمەتە جیاوازەکانی ئەنفال گرتبونیەوە، هێشتا وەك پێویست خزمەتگوزاریی و پەداویستیی ژیانەکی شایستەیان

نگەیەنەدراوەتە و شۆنەواری کاولکاریی و ماوەرانیی بە سیمایانەوە دیارە.

٥- دەخی بەجەماوانی ئەنفال تا بە ئێستاش دەگات بارودۆخێکی ناهەموارە و کەسوکاری ئەنفالکراوان پێویستییان بە دەستگیریی زۆری مادیی و مەعنەویی و دەرونیی هەیە.

٦- لە روی ئەکادیمیی و زانستییەوە، هەشتاش وەک ئەوەی پێویستە تەوژینەوە و بەدواداچونی جددیی لەسەر ئەنفال و رەهەندە جیاوازەکانی نەکراوە.

٧- کایەی پەروەردەمان، تا هەنوکەش لە ئاست پێویستیی ناساندن و بەرجەستەکردنی کارەساتەکە بە نەوە یەکلەدوایەکەکانی کورددا هەنگاوی ئەوتەی نەناوە و نەیتوانیوە رۆڵی راستینەی خۆی بگێڕێت.

٨- بواری هونەر و رەشنبیریی کوردیی نەکاراوە ببێتە نمایندەی شارستانیی گەیاندنی واقیعی تاڵی ئەو رۆژی کورد، تاکو دنیا لە رێگەی شاکارە سینەمایی و دراميی و ئەدەبیی و … یەکانەوە ئاشنای کورد و دەزگەی بێت.

٩- راگەیاندنی کوردیی تا ئێستاش نەیتوانیوە کاری جددیی لەسەر ئەم پرسە گرنگ و هەستیارە بکات و لە رێگەی راپۆرت و بنکەکاریی و بەگەفیلم و بابەتەکانی تریەوە ئەنفال و تراژیدیاکانی دیکەی کورد لە یادەوەریی و خەیاڵدانی تاکی کورد لە کابوسەوە بپارێزێت.

چیرۆکی نەرگزچنین و نەرگزفرۆشتنەکەم!… د. هەرش رەسوڵ

٢٠٢٠

٢٠٢٠

هەمیشە بۆن-ە تایبەتەکەی مەستمدەکات. ئەو بۆنە لای من تەواو ناوازە و سروشتییە. کەتایی زستان و سەرەتای بەهاری هەمو ساڵێ حەزدەکەم ئەو بۆنە هەمن هەمن رەبچەتە نەو هەست و رەح و، تەنانەت مولولەکانی خوێنیشمەوە.

تا ئەو ساتەوەختە، تەنها بە دەستی ئەم و ئەوەوە بینیبوم و بۆنیم کردبو.. بۆنی ئەو گوڵە قەد سەوز و چاو زەرد و شەش باڵ سپییە.

کە چەپکەنەرگز توند بە لوتتەوە دەگریت و پڕ بە سیەکان بۆنەکەی هەڵدەمژی، دەنکە زەردەکانی ناو گوڵەکە، سەری لوتت زەرد دەکەن. ڕەنگکردنەکی زەر جوان، کە هەندجار هەستیشی پێناکەیت، یا یەکەک ئاگادارت نەکاتەوە.

تەمەنم تەنها دوانزە ساڵ و چەند مانگێک بو. لەگەڵ شوانەی خاڵەزام و کەمەڵە منداڵ و گەنجی دیکەی خزم و ناسیاو و هەراوسێی مامی باپیرم دەچین بۆ چنینەوەی نەرگز.

ڕەژی پێشتر، من و دایکم لە ڕانیەوە هاتوینەتە حاجیاوا، شوانە، کە زوتر لەگەڵ هاوڕێکانیدا پلانی ئەو کار و گەشتیان داناوە، داوا دەکات منیش بۆ سبەینە هاوڕێیان بکەم.

بۆیانییەکی زوی مانگی ڕەشەمێ، پشوی نیوەی ساڵی خوێندنمانە. ساڵی ١٩٩٥ـە، و من لە پەلی یەکەمی ناوەندیم. کەمەڵە کوڕ و کچ لە حاجیاوا بۆرەو بناری ماکەک بەڕێدەکەوین. ماکەک چیایەکی دەگمەن و لەلایەکەوە بەسەر ناوچەی بیتوێن و خەشناوەتی و لەلایەکیترییەوە بەسەر دەڤەرە-دا دەڕوانێت.

گەشتی لەوجۆرە بۆ من، تاموچێژی تایبەتی هەبو، سەرەتا زۆر بۆ تاسەوە ڕەمەدکرد، بۆ ناو دەشت و دەر و بەردەڵان و تەنانەت پێینەوە لە روباریش. دواتر وردە وردە هەستدەکەم هیلاکدەبم. دەکەومە دوای هەموان. شوانە و هەندە لە برادەرەکانی ئاوەم بۆ دەدەنەوە، و بزێیەک دەتە سەر لەوەکانییان، وەکئەوەی بڵێن: ها شلەشاری، ئەوجۆرە گەڕان و ڕێشتنانە بۆ تۆ نابن! منیش بەردەوامدەبوم لەسەر هەنگاونان، گوایە ماندونیم و زۆر حەزم لێیەتی.

ئەگەرچی دەرکەوتنی نەرگز دەکەوێتە پێش هاتنی وەرزی بەهار، بەڵام بۆ "گوڵی بەهار"ـیش ناودەبرێت. ئاخر ئەو کوستانییە و لەناو بەفرەوە سەردەردێنێ و لەگەڵ ڕەشبۆنەوەی چیا و بەندەن و نواڵە و

بنارەکانیش، وردە وردە جەماندەت.

هەشتا نەگەیشتوینەتە شونێ دیاریکراوەکە. من زو زو دەپرسم: زەرمان ماوە؟ ئەوانیش دەڵێن: پەلەمەکە، ئێستا دەیگەینێ. لە رێگاکە، ناوە ناوە پەنا نەرگز دەبینین، بەڵام ئەوان هەشتا پەیانوایە دەبە زیاتر بچین، تاکو دەگەینێ ئەوە.

ئامانجی نەرگزچنین بەرەو سەفەرێکی درێژی بردین. سەفەرێکی جوان و پڕچێژ و یادگاریی. وەکئەوەی بڵێی ئەوە بەنی ئەو گوڵە کوستانییە ناسکە شەخوشەنگەیە بەرەو لای خەی راماندکەشت.

خە ئەوکاتە بە چیرۆکی ناوی ئەو گوڵە و ئەفسانەکەیم نەدەزانی. دەگوترێت ناوەکە لە ئەفسانەیەکی گریکییەوە هاتوە، گوایە کوڕێکی زەر قەز هەبوە بە ناوی (نرسیس)، ئەو کوڕە قەزە رەژەک لە کاتی ئاوخواردنەوەدا لەسەر روبارەکدا، روخساری خەی دەبینێت و تەواو شەیدای جوانی خەی دەبێت و ئاگای لە خەی نامێنێت، بەیە بە دەمدا دەکەوێتە ناو روبارەکە و دەخنکێت، لەو شونەشدا کە (نرسیس) گیانی سپاردوە، گوڵێک رواوە، کەوا دواتر بە ناوی ئەو کوڕە خودشەیدایەوە ناونراوە، بەوشەویەش ناوی گوڵەکە ئاوا رەیشتوە و لە ناو زمانە جیاوازەکانی دنیادا بە شەوگەکردنی جیاجیا جێی خەی گرتوە.

ە تا ئەوکات نەمدیبو پانتاییەکی گەورەی زەویی بەرین بەو گوڵە زەرد و سپییە داپشرابێت. مەزرای گوەی نەرگز، یان وەک کورد پەیدەڵێت "نەرگزجار"، دیمەنێکی زەر جوان دەبەخشێت بە ناوچەکە.

هاوەیەکی باش لەناو نەرگزجارەکە دەستدەکەین بە نەرگزچنین. هەریەکەمان بەشی خەی نەرگزی دەکاتە تەلیس (گونی)ـەوە. کەشکی زەر خەش و تایبەت بو. بەنی سەوزایی و شەداریی خاک و نەبەرەی نەرگز ئاوەتەی یەکتر دەبن. مەستمان دەکەن.

پاش بەینی هەمان رێگا، کاتی نیوەڕۆ تێپەیبو، کە بە هیلاکییەکی زەرەوە گەیشتینەوە ماڵی باپیرم. ماڵی باپیرم (سەفی حەسەنی ئاغای) لە گەڕەکی (خەندەکییەکان) بو لە ناحیەی حاجیاوا، خانوەکە لە روبەری ٤٠٠ مەتردا بو، ژورەکانی کەم بون، بەڵام گەورە، حەوشەیەکی فراوانیشی هەبو، ماڵی خاڵە گەورەکەشم (خاڵە حسەن) هەر لەو خانوەدا بو.

ئەمە دەگەینە ماڵەوە، هەر کە نەنکەم ئەمە بەو مانەوتییەوە دەبینە یەکسەر بە پیرمانەوە دەت. نەنکم (هەمینی وسەنی ئاغای

ئەمڕی) ژنێکی وردیلەی ڕەحسوکی میهرەبان بو، تا ئەوکاتەو هەر چالاک و گورجوگۆ بو. چەند ساڵ دواتریش، کارین-ی خوشکەزام کە تازە فێری قسەکردن ببو، ئەمێی بە زاریەوە گرتبو: "نەنکۆ، گورجوگۆ".

ئەنکم، دەزانێ سەرباری هیلاکییەکەشمان زۆر برسیمان بوە، بە پەلە چەند هەلکەیەکی خاماڵیمان بۆ دەکاتە ڕەنەو. بە پەلە نانەکەمان دەخەین. لەسەر نانخواردنەکەش هەر بیرمان لای نەرگزکانمانێ، ئاخۆ چۆن بە پەلە بیانکەینێ چەپک؟

ئەو پاشنیوەیە هەریەکەمان بە تەشتە چەپکەنەرگزەوە بە کۆڵان و شەقامەکانی حاجیاوا وەردەبین. "یۆڵا نەرگز.. نەرگزی گەش و جوان". بەڵام بەداخەوە من ئەو ڕۆژە بەئومێد دەبم، تەنها چەپکەکیشم بە نافرەشرەت!

ئەخۆ من یەکەمجارم نەبو شت بفرەشم. لەگەڵ هیوا و هەمن-ی برامدا، کە یەکەمیان پێنج ساڵ و دوەمیشیان دو ساڵ لە من گەورەترێ، بەردەوام هاوینان، و دوای تەواوبونی خوێندن دەکەوینێ شتفرەشتن، تاکو لانیکەم بەشی جلی خوێندنگە کەبکەینەوە. من لە ژیانی منداڵیمدا، ئاو، پسکیت، گوڵەبەڕۆژە، جگەرە، بنەشت، چلورە و مەطا و ئایسکرەم و کتێب و ڕۆژنامە و گەڤار و زۆر شتی تریشم فرەشتوە.

ئەدروست نازانم بە هەر چەپکە نرخی چەندمان دانابو، بەڵام پەموابە دینارێک یان نیو دینار بو. ڕۆژی دواتر لەگەڵ دایکم دەچینەوە رانیە. لەوێش بە هەماشۆوە تەشتە چەپکەنەرگز دەخەمۆڕەر باڵمەوە و هاواری نەرگزفرەشتن دەکەم. پەموابە چەند چەپکەکی کەم دەفرەشم و ئەوەیتر لە ماڵەوە دابەشدەکەم.

هەموجارێ کە لەسەر ڕێگای دەرەوەی شارەکان و، لە قەراغی جادەکاندا منداڵێ نەرگزفرەشێ جوانکیلەکان دەبینم، دەگەڕمەوە بە ئەو یادگارییە جوانە.

(کارینا)، ڕۆمانی دەستنوسە خۆناوییەکان! .. هەرش ڕەسوڵ

هەرچەند دەرفەتم زۆر کەم بوو، بەڵام هەرچۆنێک بوو، لە چەند مانگی ڕابردودا و لەگەڵ بەهاوبوونەوەی ئەلیکترۆنییەدا، توانیم نوێترین ڕۆمانی (نیهاد جامی) بخوێنمەوە.
نیهاد پتر وەک نووسەر و شانۆکار و ڕێنەرگری شانۆیی ناسراوە، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە کار لە نوسینی چیرۆک و نۆڤێلێت و ڕۆمانیش دەکات.
ئەم کارە تازەیەی ناونیشانی (کارینا)ـی هەڵگرتوە. کارینا بەپێی ئەندێشەسازیی ڕۆمانووس یەکێکە لە ئەندامانی (بنەماڵەی خەیاڵ). کچێکە، لە دایک و باوکییەوە بە خەیاڵ دژی، بە خەیاڵ بیردەکاتەوە، بە خەیاڵ ڕەفتاردەکا و، دەیەوێت هەر بەو خەیاڵەوە ئایندەی خۆی بنەخشێنێت.
ئیشی من نیە لەم کورتنوسینەدا، چیرۆک یان چیرۆکگەلی نێو ڕۆمانەکە بگێڕمەوە و ڕوداو و کەسێتییەکانی ئاشکرابکەم، هەندێ دەمەوێ تەنها وەک خوێنەرێک هەست و بینینی خۆم بە کورتیی بخەمەڕوو. سەرەتا، ئایشارمەوە هەم چەژم لە خوێندنەوەی (کارینا) وەرگرت، هەم قوڵییم لە ڕەچاوکرد.
پێکهاتەی ڕۆمانەکە بریتییە لە سێ کتێب لەناو کتێبەکدا، هەرێکەیان گێڕانەوەی خۆی هەیە، پاشان هەمایان لە هەڵەکی چیرۆکئامێزدا یەکدەگرنەوە. وەکچۆن کەسێتیی ڕاستینەی ڕۆمانووسیش (نیهاد) لە کەتاییدا یەکێکە لەوان.
گێڕانەوە لە (کارینا)ـدا زیاتر بە زمانی کەسی یەکەم و کەسی سێیەم، کەوا لەلایەن کارەکتەرە سەرەکیی و لاوەکییەکانەوە چیرۆکە جیاوازەکان نمایشدەکرێن.
تەکنیکەکەیشی جادوواقیعیی (ریالیزمی سیحری)ـیە و شێوازێکی جوان و سەرنجبەرە.
بە لایەنی زمانەوانیی، ڕێنوس و خاڵبەندیی هەست بە جۆرێک لە پەلە دەکرێت، چونکە هەندێ هەڵەی تەدایە، بەڵام کەمیان هەیە، گەورە و ماناگۆڕن.
ناکرێ من لێرەدا ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بخەمەڕوو، بەڵام تەنها دەمەوێ هێندە بڵێم؛ (کارینا) ڕۆمانی دەستنوسە خۆناوییەکانە، دەفتەری نەخوێندراوەی نەوەی ئازاردراو و بێئومێدی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ـە، یاداشتی ڕۆژنامەنوسە گەنجە تەرکراوەکانە.

تەوری رەمانکە، تەنها لە دەوری بابەتی سیاسیی ناخولێتەوە، بەکو لایەنی ئابوریی، کۆمەڵایەتیی، کەلتوریی_یش دەگرێتەخە.
چیرۆکەکانی نێو (کارینا) پڕن لە فڕین و ونبون، سەرەڕۆن لە کوشتنی هیوا، بێهودەیی، گۆمڕاندن، لەسەر دەستی نێوی دوەمی سیاسەت لەم نیشتمانەدا.
بەو هیوایەی، (کارینا) تەنها لەنێو جاڕجاڕۆکەتەی جیهانییدا نەمێنێتەوە و بە کاغەزییش چاپکرێ و بکەوێتە نێو رەفی کتێبخانەکانیش.

سەرکەوتن و بەردەوامیی بێ نیهاد جامی.

لە ٢٢ی نیساندا.. هێواستێکی جددیی لەسەر راگەیاندبی کوردی! .. د. هێرش ڕەسوڵ

لە٢٢ی نیسانی ئەمساڵدا، ساڵێکی دیکە دەچێتە سەر تەمەنی ڕۆژنامەنوسیی کوردیی، بەم بۆنەیەشەوە وێڕای دانەواندنی سەری ڕۆژ بۆ شەهیدو پێشەنگانی بواڕەکە، پیرۆزبایی لە ڕۆژنامەنوسو راگەیاندنکارانی کورد دەکەمو هیواخوازم ئەمساڵ ببێتە ساڵی هەنگاونانی ڕۆژنامەنوسیی کوردی بەرەو ڕۆژنامەنوسییەکی چاودێرو کاراو دروستبونی (دەسەڵاتی چوارەم) لە هەرێمی کوردستاندا.. لەپێناو هێنانەدیی ئەم ئامانجە گرنگەش، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بە پێویست دەزانم:

- کارکردن بۆ لێکجیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکە.
- هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئاستەنگە جیاوازەکانی بەردەم کاری ڕۆژنامەنوسیی.
- هەموارکردنو پێداچونەوە بە بەندو بڕگەی ئەو یاسایانەی کاری ڕۆژنامەنوسی لە هەرێمدا ڕێکدەخەن، بە جۆرێ، لەگەڵ گیانی سەردەمو ژیانی دیموکراسیدا بگونجێن.
- دادگاکانی هەرێم لە بواری تاوانی ڕۆژنامەنوسییدا کار بە یاساکانی پەیوەست بەو بواڕە بکەن، نەك پەنا بۆ دەقی دیکە

ببەن.

- دروستکردنی رایەڵی لێکۆڵگەیشتنو پەیوەندییەکی هاوبەرپرسیارێتی لەنێوان راگەیاندنو دەسەڵاتدا لە کوردستاندا.
- رۆژنامەنوسانی هەرێم گرنگی بە لایەنی ئاکار (ئێتیك)ـیو پیشەیی بدەنو، پتر پەرە بە پیشەکەیان بدەن، هەروەك گەڵەکردنی پەیماننامەیەکی شەرەف کاریگەریی تایبەتی هەیە.
- هەوڵ بدرێت چاکسازیی لە بواری رێکخراوبونی رۆژنامەنوسان لە کوردستاندا بکرێتو سەندیکا بکرێتە چەتری هەمو ئاراستە جیاوازەکانی نێو دنیای رۆژنامەنوسیی کوردیی لە هەرێمدا.
- هەوڵدان بۆ پێشخستنی بڕیارنامەی راگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمدا، لە هەمو رووکانەوە.
- لەپێناو کۆکردنەوەی داتای وردو لەماوەی زو زودا لەسەر کاریگەریی راگەیاندنی کوردی لەسەر رایگشتیو شەقام، سەنتەرێکی راپرسیی چالاکو زانستیی دابمەزرێتو بەردەوام راپرسیی لەو بارەیەوە بەئەنجام بگەیەنێت.
- گرنگە ناوەندێکی توێژینەوەی راگەیاندن هەبێتو توێژەرانی بوارەکە بەردەوام توێژینەوەی هەستیارو گرنگ لە بارەی راگەیاندنی کوردییەوە پێشکەش بکەن.
- کردنەوەی نێوەندێکی وەرگێڕانی توێژینەوەو کتێبە دەگمەنەکانی بواری راگەیاندنیش یەکێکی تری لە پێویستیەکان تاکو رۆژنامەنوسانی کورد، بە تایبەت ئەوانەی تەنها بە زمانی دایك دەخوێننەوە، لێی سودمەند بن.
- کردنەوەی خولی پێویستی رۆژنامەنوسی لە دەرەوەو ناوەوەی هەرێم.
- کردنەوەی کۆرسی فێربونی زمانی بیانی بۆ راگەیاندنکاران.

د. هێرش ڕەسوڵ